# CRANSTON INQUIRY

## ڕاپۆرتی

ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی گشتی دەربارەی ڕووداوەکانی
23 و 24 نۆڤەمبەری 2021، کاتێک کە زیاتر لە 30 کەس
هەوڵیان دەدا بە بەلەمێکی بچووک لە کەناڵی مانەش بپەڕێنەوە،
گیانیان لە دەست دا

Crown copyright 2026 ©

ئەم بڵاوکراوەیە بە گوێرەی بەند و مەرجەکانی Open Government License v3.0 مۆڵەتی پێدراوە مەگەر بە دیاریکراوی شتێکی تر نووسرا بێت. بۆ بینینی مۆڵەتەکە تکایە سەردانی ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە،
**http://nationalarchives.gov.uk/doc/open-government-licence/version/3**

لە هەر شوێنێك زانیارییمان دیاری کردبێت لەسەر مافی خاوەندارێتی لایەنێکی سێهەم ئەوا پێویستە مۆڵەت وەربگریت لە لایەنی پەیوەندداری مافی خاوەندارێتی.

ئەم بڵاوکراوەیە بەردەستە لەم بەستەرەی خوارەوە **http://www.gov.uk/official-documents**

بۆ هەر پرسیارێك سەبارەت ئەم بڵاوکراوەیە تکایە بەم ئیمەیڵە پەیوەندییمان پێوە بکە
**info@cranston.independent-inquiry.uk**

978-1-5286-6169-0 ISBN

E03525225    02/2026

ئەو لاپەڕانەی ئەم بڵاوکراوەیەی لەسەر چاپ کراوە بە لای کەمەوە 40% ی فایبەری ریسایکل کراوە.

لە شانشینی یەکگرتوو چاپ کراوە لە لایەن ئێچ ئێچ ئەسیۆشییەتدی سنووردار، لە بری چاودێری ئۆفیسی ستێشنەریی خاوەنشکۆ.

# کورتەی جێبەجێکردن

ڕاپۆرتی Cranston Inquiry لە پێنج بەشدا ئامادە کراوە.

**«بەشی 1»** پوختەیەکی گشتی ئەو پرۆسەیە پێشکەش دەکات کە Inquiry لە ئیشەکەیدا پەیڕەوی کردووە. پابەندبوونی یاسایی بەریتانیا دەربارەی گەڕان و ڕزگارکردن لە دەریاش لەم بەشدا پێشکەش کراوە.

**«بەشی 2»** بواری ڕووداوکانی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021 دەخاتە ڕوو. لەم ماوەیەدا زیاتر لە 30 کەس لە سەرنشینەکانی بەلەمێکی بچووک بە نیازی هەوڵدان بۆ پەڕینەوە لە دەریای مانەش، لە فەڕەنساوە گیانیان لە دەست داوە. لەم بەشدا سەبارەت بەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەی کە بەرپرسی بەدواداچون و لێپرسینەوەی جووڵەی بەلەمە بچووکەکانن هەندێک ڕوونکردنەوە خراونەتە ڕوو. گێڕانەوەیەک هەیە لە زیادبوونی ئاماری پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان لە ماوەی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021دا و هەڵوێستی ئەنجامدارو بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە لەو کاتەدا. تەواوکەری «بەشی 2» «پاشکۆی 3» کە مێژووی وردی پێشینەی ڕووداوەکانی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەر دەخاتە ڕوو.

**«بەشی 3»** باسی ڕووداوەکانی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021 و هەروەها کات و شوێن و بارودۆخی کوژراو و کەسانێک دەکات کە لەم ڕووداوە گلاون. لەم ڕەوتەدا، بەپێی پێداویستی «چوارچێوەی دەسەڵات»، دۆزراوەکانی پێشووی لێکۆڵینەوەی «لقی لێکۆڵینەوەکانی ڕووداوی دەریایی» (MAIB) لەبەرچاو گیراوە. بە کورتی، ئەم بەشە بریتییە لە گێڕانەوەی وردی ڕووداوەکان پاش ڕۆیشتنەدەری بەلەمی بچووک لە کەناری فەڕەنسا، واتا ئێوارەی 23ی نۆڤەمبەری 2021. ئەم بەشە سەرەنخوونبوون و نوقومبوونی بەلەمی بچووک لە بەرەبەیانی 24ی نۆڤەمبەری 2021 و چالاکی گەڕان و ڕزگارکردن لەو شەودا و بە درێژایی ڕۆژی دواتر لەخۆ دەگرێت. گێڕانەوەکە تیشکی خستۆتە سەر شیکردنەوەی ڕووداوەکانی ئەو شەوە، ئەو سەرچاوانەی کە ئەو کاتە بەردەست بوون، هەوڵی گەڕان و ڕزگارکردن و ئەو ڕووداوانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی بە هەڵە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەلەم بچووکەکە ڕزگار کراوە.

**«بەشی 4»** کەسانی ناوی بەلەمە بچووکەکە لەخۆ دەگرێت. دەربارەی هەڵوێستی Inquiry لە بواری دەستنیشانکردنی کوژراوەکاندا ڕوونکردنەوەی خراوەتە ڕوو. پاشان، ڕوانگەی سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەکە باس دەکات و لە هەندێ بابەتدا چیرۆکی ژیانیان و بارودۆخی ئەوەی وای لێکردوون هەوڵی پەڕینەوەی مەترسیداریان لە دەریای مانەش بدەن، شرۆڤە دەکات.

**«بەشی 5»** بریتییە لە دەرئەنجامەکان لەسەر بنەمای ورەزەکانی پێشوو. لەم بەشدا لە چوارچێوەی «مەرجەکانی دەسەڵات»ی Inquiry، بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری ڕوودانی ڕووداوی کوشندەی هاوشێوە لە داهاتوودا هەندێک ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو. ڕاسپاردەکان لەم سێ بوارەی خوارەودا پۆلێن کراون.

1. ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان.
2. ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە بەدواداچونی ڕووداوە کوشندەکان لە دەریادا، سەرووی بابەتەکانی پەیوەست بە بەلەمە بچووکەکان.
3. ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە پێکهاتە و ئاسانکاری ڕێکخراوە چالاکەکان لە بواری گەڕان و دۆزینەوە و ڕزگاریدا.
4. بڵاوکردنەوەی هەڵوێستی جێبەجێکردن لە وەڵامدانەوەی ڕاسپاردەکانی MAIBدا پاش لێکۆڵینەوە.

## بەشی 1: باکگراوندی Inquiry

**«وەرزی 1»** کورتەیەک لە پرۆسەی دامەزرانی Inquiry و «مەرجەکانی دەسەڵاتی» ئەو دەخاتە ڕوو. لەم وەرزەدا دەربارەی پێکهاتەی Inquiry و خاڵەکانی وەرچەرخانی گرنگی ڕێگەی پێشکەوتنی، وەک بڵاوکردنەوەی پرۆتۆکۆلە جۆراوجۆرەکان و بەڕێوەچوونی دانیشنەکانی بەدواداچوون ڕوونکردنەوە پێشکەش کراوە.

**«وەرزی 2»** بنەما یاساییەکانی پەیوەست بە پابەندبوونی بەریتانیا لە پەیوەندی لەگەڵ پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوە و ڕزگارکردنی بەلەمە بچووکەکە باس دەکات. ئەم وەرزە تەرکیز دەکاتە سەر پابەندبوونی نێودەوڵەتی پەیوەست بە گەڕان و ڕزگارکردن لە دەریا و پابەندبوون بە «مادەی 2» ی «پەیماننامەی مافی مرۆڤی ئەورووپا».

## بەشی 2: بواری ڕووداوەکانی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021

**«وەرزی 3»** لێکۆڵینەوە لەسەر بواری بەرفراوانی پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان و ئەو چالنجە تایبەتە دەکات کە ئەم بەلەمانە بۆ هەڵمەتی گەڕان و دۆزینەوە و ڕزگارکردن دروستی دەکەن. ئەم وەرزە باس لە گەشەکردنی بەرچاوی ئاماری پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان بە ژمارەی کەم لە ساڵی 2014 هەتاکوو ئاماری چاوەڕواننەکراوی کۆتایی ساڵی 2018 و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ساڵی 2021دا دەکات. لەم وەرزەدا دەربارەی هۆکاری کاریگەر لەسەر هاندرانی تاکەکان بۆ پەڕینەوە لەم ڕێگە مەترسیدارە و ڕۆڵی گرووپەکانی بازرگانیکردنی مرۆڤ لە ئاسانکردنەوەی ئەم پرۆسەیەدا لێکۆڵینەوە دەکرێت.

ئەم بەشە زیاتر ئەو هۆکارانە ڕوون دەکاتەوە کە پەڕینەوەی بەلەمی بچووک لە دەریای مانەش زۆر مەترسیدار دەکەن. ئەمانە بریتین لە هەوای زۆر سارد، قەرەباڵغی دەریایی لە گەرووی دۆڤەر، خراپی پێکهاتەی بەلەمە چارۆکەدارەکان و نەبوونی کەرەستەی سەلامەتی گونجاو لەسەر بەلەمەکە و لاوازی ئەو کەسانەی کە دەپەڕنەوە.

**«وەرزی 4»** دەربارەی ڕێکخراوە سەرەکییەکانی چالاک لە بواری بەدواداچوون بۆ بابەتی بەلەمە بچووکەکان لە بەریتانیا و فەرەنسا لە نۆڤەمبەری 2021دا پوختەی گشتی دەخاتە ڕوو. ئەم وەرزە باسی ڕۆڵ و پێکهاتەکانی دایرە حکومییە گرنگەکان (لەگەڵ پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پاڵپشت) و دامەزراوەکانی جێبەجێکردن دەکات.

سەبارەت بە ڕۆڵەکانی لایەنی ناحکومی پەیوەندیدار، لەوانە هێزەکانی پۆلیس، دابینکەرانی گرێبەستی فرۆکەوانی و ڕێکخراوەکانی گەڕان و ڕزگارکردنی خۆبەخش کە «ئەنیستیتۆی پاشایەتی نیشتیمانی بەلەمی ڕزگاری» (RNLI) یەکێکە لە بەرچاوترینیان، ڕوونکردنەوە پێشکەش دەکات. لەسەر سیستەم و سەرچاوە چالاکەکان لە بواری گەڕان و ڕزگارکردنیش لەم وەرزەدا پوختەی گشتی خراوەتە ڕوو.

**«وەرزی 5»** باسی گۆڕانی کاردانەوەی حکومەت دەکات لەسەر بابەتی پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان. ئەم وەرزە چالنجەکانی هەڵمەتی ڕوو لە گەشەی پەیوەست بەم کێشەیە لەخۆ دەگرێت و باس لە گۆڕانکاری ڕۆڵەکان و ئەرکی ڕێکخراوەیی ئەم بوارە، لەوانە دانانی سیاسەت و هەڵمەتی سەرەکی و گرنگ، وەک هەڵمەتی «DEVERAN»، هەڵمەتی «ALTAIR»، و هەڵمەتی «SOMMEN» (ناسراو بە سیاسەتی «گەڕانەوەو»)، دەکات.

**«وەرزی 6»** تەرکیز دەکاتە سەر کاردانەوەی هەڵمەتی بۆ پرسی پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان، بەتایبەتی سەرچاوە و ئاسانکاری «پاسەوانی کەنارئاوەکانی پاشایەتی». لە ساڵی 2021 دا چاودێری ئاستی هێزی مرۆڤی ئەرکە سەرەکییەکانی گەڕان و ڕزگارکردن، بەتایبەتی لە «سەنتەری هەماهەنگی ڕزگارکردنی دەریایی دۆڤەر» (MRCC Dover) دەکات. هەروەها پێداچوونەوە بە کەرەستەی بەردەست بۆ چالاکی گەڕان و ڕزگارکردن و پێویستی ڕاهێنان دەکات کە لەلایەن «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»یەوە بۆ کارمەندەکانی دابین کراوە. سیستەمی هەڵمەتی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» کەرەستەی تایبەت بۆ تۆمارکردن و گۆڕینەوەی زانیاری و بەدیهێنانی پەیوەندی لەگەڵ بەلەمە بچووکەکانیش خراوەتە ڕوو.

هەندێک لە دۆزراوە گرنگەکان، وەک ئەم خاڵە گرنگە کە کێشەی کەمبوونی هێزی مرۆڤی هەبووە لە MRCC Dover بەر لە نۆڤەمبەری 2021دا لەم وەرزەدا ئاماژەی پێکراوە. کێشەی هێزی مرۆڤی و مەترسییەکانی پەیوەست زۆرجار بەر لە نۆڤەمبەری 2021 لە کۆمەڵەی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»دا دەستنیشان کرابوو. سیستەمی گۆڕانی ناوچە/تۆڕی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هێزی مرۆڤی لە MRCC Dover ستراتیجییەکی باش نەبووە.

دەربارەی ئاسانکاری گەڕان و ڕزگارکردنی دەریایی، «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ڕووداوەکانی بەلەمە بچووکەکان بەگشتی پشت بە «هێزی سنوور» و RNL دەبەستێت. بەر لە نۆڤەمبەری 2021 ڕاگەیێنرابوو کە ئاسانکارییەکانی «هێزی دەریایی» بۆ ئەرکی گەڕان و ڕزگارکردن گونجاو نین. تاکوو سێپتەمبەری

2021، «هێزی سنوور» دانی پێدانابوو کە لە ڕووی سەرچاوەوە «کەموکوڕی» هەیە. کەموکوڕی ئاسانکارییەکانی «هێزی سنوور» بۆ چارەسەری پێداویستیەکان تاکوو ڕێکەوتی 23ی نۆڤەمبەری 2021 چارەسەر نەکرابوو.

زیادبوونی ڕێژەی پەڕینەوەی بەلەمە بچوکەکان، لەگەڵ چالنجی تایبەتی پەیوەست لەگەڵ پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان (لەوانە ئەو بەلەمانەی ئاسانکاری پێوانی دەریایان نییە و زۆرقەرەباڵغن) و سنووورداری ئاسانکاری «هێزی سنوور» وای کردبوو گوشار بکەوێتە سەر ئاسانکاری، ستاف و خۆبەخشەکانی RNLI. RNLI بۆ باشترکردنی سەرچاوەکانی هەڵوێستی گونجاو و شایستەی گرتوتە بەر بەڵام لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکاندا شکستی هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا، RNLI خزمەتگوزاری خۆی لەگەڵ ئاسانکاری و هێزی مرۆڤی بەردەست پێشکەشی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» دەکرد و لە ماوەی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021دا ئامادەی خزمەتگوزاری بوو.

سەبارەت بە ئاسانکاری ئاسمانی، تاکوو سێپتەمبەری 2021، دەرکەوت کە زیادبوونی چالاکی بەلەمە بچووکەکان گوشاری بەرچاویان خستۆتە سەر فڕۆکەکانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی». سەرەڕای ئەوەی کە لە ماوەی کۆتایی نۆڤەمبەری 2021دا بۆ زیادکردنی ئاسانکاری هەندێ پلان لە بواری جێبەجێکردن دابوو، تاکوو مانگی مارسی 2022 مەبەستی بەهێزکردنی سەرچاوەکان وەدی نەهاتبوو.

زانیارییەکانی پەیوەست لەسەر پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان زۆرجار یان لە کاتی خۆیدا لە ئەپی بەڕێوەبەرایەتی ڕووداوەکانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»دا تۆمار نەدەکرا لەبەرئەوەی هێز و تاقەتی ستافی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لە MRCC Doverدا بۆ بەدواداچوونی زۆربەی ڕووداوە بەرچاوەکان بوون، ئەمەش وای لێدەکرد ئەرکی تری وەک مامەڵەکردن لەگەڵ پەیوەندییەکان ئەنجام بدەن. جگە لەوەش، بەکارهێنانی هێزی دەریایی و فڕۆکەوانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لە وەشانی جیاوازی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی ڕووداوەکان وای کرد پرۆسەی هاوبەشکردنی زانیاری کێشەی بۆ دروست ببێت.

لە مانگی ئۆکتۆبەری 2020دا، «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لە MRCC Doverدا لە ڕێگەی واتس ئاپەوە دەستی کرد بە بەکارهێنانی مۆبایل بۆ بەدیهێنانی پەیوەندی لەگەڵ سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەکان و دۆزینەوەی پێگەی شوێنی بەلەمەکان. ئەم هەڵوێستە، ئەگەرچی هەنگاوێکی باش بوو، هەندێ کێشەی هەبوو کە کارابیەکەی تووشی کێشە دەکرد. نموونەی کێشەکان دەکرێ ئاماژە بە نەبوونی سیاسەت و ڕاهێنانی پێویست لە بوای چاودێریکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان و تۆمارنەکرانی پەیوەندییە وەرگیراوەکان، بکرێت.

لەمپەری زمانی بەدیهێنانی پەیوەندی لەگەڵ سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەکانی سەخت و دژوار دەکردەوە. تاکوو ساڵی 2018 «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» یەک «هێڵی زمانی» یان خزمەتگوزاری وەرگێرانی لەبەردەست بوو. هەڵبەت، کێشەی زانستی وای کرد «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» نەتوانێت بە باشی خزمەتگوزاری «هێڵی زمانی» بۆ گەڕان و ڕزگاری بەلەم بەکار بێنێت. هەربۆیە، کێشەکانی پەیوەندی هەر لە جێیی خۆی بوو و تاکوو مانگی نۆڤەمبەری 2021 هیچ ڕێگەچارەیەکی پەیوەندی بەدیل بوونی نەبوو.

ستافی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لەسەر ئەو بروایەن کە سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەوکان بەگشتی دەربارەی ئازار و چارەڕەشی خۆیاندا شتەکان زۆر گەورە دەکەنەوە. هەربۆیە ئەگەری ئەمە هەیە ئەگەر وتەکانی سەرنشینەکان قبووڵ نەکرێن، لەوانەیە ئەم جۆرە کەسانە بەرەوڕووی بارودۆخی فریاگوزاری ڕاستەقینە ببنەوە. لە وەها بارودۆخێکدا، پێداویستی ئاشناکردنی ستاف لەگەڵ پرسی گەورەکردنەوەی بارودۆخی سەرنیشینی بەلەمە بچووکەکان دەردەکەوێت. ڕاهێنانی گشتی دەربارەی ئەمە کە ئەو زانیاریانەی لە لایەن پەیوەندیکەرانەوە دەدرێن پێویستە بە ڕاست دابنرێن، کافی نییە.

سەبارەت بە پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان پرسی تایبەت هەیە کە مەترسییەکانی پەیوەست بە گەڕان و ڕزگارکردنی زیاد کردووە. «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» ئاگاداری ئەم پرسەیە، یان دەبوو ئاگادار بکرایەوە بەڵام سیاسەت، ڕێنمایی یانو ڕاهێنانی پێویست لەم بوارەدا نەبووە. ئەم پرسە بەدیهێنانی پەیوەندی لەگەڵ سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەکان و دۆزینەوەی پێگەی شوێنی بەلەمەکان، یەکەمایەتی ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە بەلەمە بچووکەکان و بەکارهێنانی ڕێڵەی Mayday لە ڕووداوەکانی پەیوەست بە بەلەمە بچووکەکان لە خۆ دەگرێت.

**«وەرزی 7»** باسی ئاستی هاوکاری نێوان لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەشدار لە هەڵمەتی گەڕان و ڕزگارکردن لە بواری بەلەمە بچووکەکان دەکات. ئەم وەرزە لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان بەش و دامەزراوە حکومییەکانی بەریتانیا، نێوان فەرمانگە گشتییەکانی بەریتانیا و بەڵێندەرە بازرگانییەکان یان ڕێکخراوە خۆبەخشەکان و نێوان فەرمانگەکانی بەریتانیا و فەڕەنسا دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئامادەکاری چاودێری «ئاژانسی دەریایی و پاسەوانی کەنارئاوای» (MCA) لەم وەرزەدا خراوەتە ڕوو.

لە دۆزراوە گرنگەکانی ئەم وەرزە دەکرێ ئاماژە بەم بابەتە بکرێت کە پرسی پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان، لە یەکەم قۆناغدا، وەک پرسی ئاسایشی سنوور لە حکومەتدا لەبەرچاو گیرابوو. کەوایە، وەزارەتی ناوخۆ لە هەمبەر پرسی بەلەمە بچووکەکاندا کاردانەوەی سیاسی گرتە بەر و لەم ڕێگەیەدا بەپێی پێویست، سوودی لە هاوبیری و زانیاری «وەزارەتی گواستنەوە» (DfT) وەرگرت کە سەرپەرشتی MCA و «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» دەکات.

سەرەڕای ئەوەیکە ٪90ی بابەتەکانی هەڵمەتی ڕزگاری بەلەمە بچووکەکان لە ئەستۆی «هێزی سنوور»ە، «هێزی سنوور» بە «بنکەی یاریدەدەر» «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» دادەنێن. سەرەڕای ئەوەیکە «هێزی سنوور» و «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لە ساڵی 2018ەوە لە بواری بەدواداچوون بۆ پرسی بەلەمە بچووکەکان لەگەڵ یەکتر هاوکاریان هەبووە، هیچ یاداشتێکی ڕێکەوتن لە نێوان ئەو دوو دامەزراوەیە بۆ دیاریکردنی ئیشی پێویست، بۆنموونە لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەدا، واژۆ نەکراوە. RNLIیش بۆ «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بە «بنکەی نوێنەرایەتی» دادەنرێت. پەیوەندی ئەم دووانە لەو گرێبەستەی کە لە ساڵی 2010وە لە نێوانیاندا هەیە و لە ساڵی 2020ەوە لە یاداشتێکی ڕێکەوتنی فەرمیدا هات، باس کراوە. سەرەڕای هاوکاری دۆستانەی ئەم دامەزراوانە، هیچ مەشقێکی ڕاهێنانی ڕاستەوخۆی هاوبەش بە ئامادەبوونی «هێزی سنوور»، «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» و RNLI بەڕێوە نەچووە.

تاکوو کەمێک بەر لە 23ی نۆڤەمبەری 2021، تراکەر(شوێندۆز)ی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» (پەڕەی بەرفراوانی «spreadsheet» تایبەتی هەماهەنگ کردنی هەڵوێستی گەڕان و ڕزگارکردنی بەلەمە بچووکەکان) لەڕێگەی ئیمەیلەوە بۆ «هێزی سنوور» دەنێردرا و «هێزی سنوور» ئەم دۆکیۆمنتەی بۆ بەڕۆژکردنەوەی تراکەری جیای خۆی بەکار دێنا. تراکەری «هێزی سنوور» بەگشتی بە زانیاری وەرگیراو لە تراکەری «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» تەغزیە دەکرا. وێدەچێت ستافی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» ئاشنایەتییەکی وەهایان لەگەڵ تراکەری «هێزی سنوور»دا نییە. تاکوو بەر لە نۆڤەمبەری 2021، تراکەری «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» ئۆنلاین خراوەتە بەردەستی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» و «هێزی سنوور»ەوە.

سەبارەت بە ئاسانکاری ئاسمانی هەتاکوو کۆتایی 2021، «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» زۆرجار هەلیکۆپتەری گەڕان و ڕزگارکردنی بۆ یارمەتیدان لە ئەرکی «بەدواداچوون» و گونجاندنی ژمارەی بەلەمە بچووکە بینراوەکان لە کەناڵدا لەگەڵ ژمارەی بەلەمە بچووکە دۆزراوە و ڕزگارکراوەکاندا بەکار دێنا. ئەمە وای کرد کاتی گەشتی ڕۆژانەی هەلیکۆپتەر لە ڕۆژێکدا کۆتایی بێت و توانایی بەکارهێنانی هەلیکۆپتێر بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری باوی گەڕان و ڕزگارکردن نەڕەخسێت.

وێستگەی گەڕان و ڕزگارکردنی فەڕەنسا کە «گەرووی دۆڤەر» لەخۆ دەگرێت و بە Centre Régional Opérationnel de Surveillance et Sauvetage (CROSS) Gris-Nez دەناسرێت، زانیاری وەرگیراو دەربارەی پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان لە چوارچێوەی گەڕان و ڕزگاری خۆیدا لە دۆکیۆمنتێکی تەراکەردا کۆ دەکردەوە. CROSS Gris-Nez تراکەری فەڕەنسای لەڕێگەی ئیمەیلەوە بۆ MRCC Dover دەنارد. بەگشتی، «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» تراکەری فەڕەنسای لە کاتی خۆیدا نەدەگەیشتە دەست و هەر ئەم بابەتە کاریگەری خراپی لەسەر کوالیتی زانیاری پێگەیی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» دادەنا. ئەم دواخستنە لە شەوی 23 تاکوو 24ی مارسیشدا ڕووی دا.

DfT لە ڕێگەی «شاندی پشتگری MCA» چاودێری کرداری MCA دەکرد. ئەم شاندە لە دانیشتنەکانی خۆیدا باسی پێداچوونەوەی تۆماری مەترسی MCA و پرسەکانی تری دەکرد. هەڵبەت وا نەبوو کە گشت باسەکانی پەیوەست بە یەک بە یەکی مەترسییەکان لە کۆنووسی شاندیدا تۆمار بکرێت. بەڵکوو مەترسییە گرنگەکان لە دەرەوەی ئەم دانیشتنانەدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرا، هەروەها هیچ تۆمارێک دەربارەی قسەکردن لەسەر زیادکردنی ئەگەری کاریگەری خراپی

کرداری «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لە زۆربوونی بابەتەکانی پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان لە تۆماری مەترسی MCA لە دانیشتنی «شاندی پشتگری»دا نییە، هەرچەندە دۆکیۆمنتێک بۆ دانیشتنەکە ئامادە کرابوو.

لە شێوازە کەمتر فەرمییەکانی چاودێری DfT لەسەر کرداری MCA دەکرێ ئاماژە بە «گەڕان و پشکنین دەربارەی بەلەمە بچووکەکان» بە هاوکاری DfT و MCA لە سەرەتای جولای 2021 بکرێت. هەڵبەت، هیچ کۆنووسێکی فەرمی تۆمار نەکراوە و هەربۆیە لە زۆرینەی بابەتەکاندا مەحاڵە بزانین ئەو کۆبونەوانە چەند جار ڕوویان داوە یان ناوەڕۆکی گفتگۆکان چی بووە. هەرچەندە پێداچوونەوەیەکی ناوخۆیی DfT بۆ MCA هەبوو کە لە ئۆکتۆبەری 2021دا بڵاو کراوە، بەڵام مەودای سنووردار بوو و کاریگەری و کارایی هەڵنەسەنگاند.

لە ئۆکتۆبەری 2021دا وردبینی ڕێسای 3ی «ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی دەریایی» لەسەر MCA ئەنجام درا بەڵام سنووردار بوو. وردبینییەکە بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی ڕادەی پابەندبوونی بەریتانیا بۆ بەرپرسیاریەتییەکانی بەپێی دۆکیۆمنتەکانی IMO. ئەم دامەزراوەیە لەوانەیە لەو پێگەیەدا نەبێت کە لێدوان و ڕوانگە لەسەر سیستەمەکان، ڕێژەی پابەندبوون یان کلتوور، بەپێی پێوەرەکانی DfT یان پێوەرە گشتییەکانی حکومەتی بەریتانیا بخاتە ڕوو.

## بەشی 3: ڕووداوەکانی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021

**«وەرزی 8»** گێڕانەوەیەکی ورد لە ڕووداوەکانی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021 دەخاتە ڕوو. لەم وەرزەدا باسی چیرۆکی گەشتی بەلەمی بچووکی پەیوەست بە ڕووداوی «Charlie» دەکرێت کە تەوەری سەرەکی Inquiryیە. پلانی پەیوەست بە 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021 و بارودۆخی ئەو شەوە لەم وەرزەدا وەسف دەکرێت. بەتایبەتی شرۆڤەی پەیوەست بە هەڵمەتی گەڕان و ڕزگارکردن لە بەرەبەیانی 24ی نۆڤەمبەری 2021دا و کۆتایی ئەو ڕۆژەدا دەخرێتە ڕوو.

**«وەرزی 9»** باس لەو سەرچاوانە دەکات کە لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021دا لەبەردەستی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»دا بووە. لەم وەرزەدا ئاستی بەرزی هاتوچۆ لە ساڵی 2021 و گوشار بە هۆی ئەم چالاکییە لەسەر سەرچاوەکان لەبەرچاو گیراوە.

دەرئەنجامەکانی ئەم وەرزە بریتین لەوەیکە هەرچەندە هێزی مرۆڤی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لە ئاستی ئەم تۆڕە نیشتیمانییەدا بەگشتی لە سەرووی پێداویستییە هەنووکەییەکان بووە، هێزی مرۆڤی وەرزی پێشنیارکراو لە MRCC Dover، واتا سێ هێزی هەڵمەت بۆ گەڕان و ڕزگارکردن، لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەردا بە ڕادەی پێویست نەبووە. تاکە هێزی شارەزای چالاک لە گرووپی گەڕان و ڕزگارکردن لە MRCC Doverدا لەو شەودا «ڕێکخەری ئەرکی گەڕان و ڕزگارکردن» (SMC) بووە. دوو کەسەی تر لە گرووپی SMC ئەو شەوە شاگرد بوون: یەکێکیان نیمچە شارەزا بووە بەڵام بە کارا دادەنرا، و ئەوی تریان ناکارامە بوو.

گوشاری هێزی مرۆڤی لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەردا وای کرد گوشار بکەوێتە سەر SMC لە Doverدا و نەیانتوانی لە ماوەی شیفتی ئێشی 12 کاتژمێرەدا پشوو بدەن. بەپێی بەڵگەکانی SMC خۆی، پشوونەدان بەگشتی وای کردووە ماندوو بین. کەمبوونی هێزی مرۆڤی وای کردووە بەڕادەی پێویست چالاکی ئەو شاگردە ناکارامەیە چاودێری نەکرێت کە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی هەڵمەتی بانگ کرابوو.

چەند کەس لە شایەتەکان کە Inquiry شایەتی ئەوانی تۆمار کردووە ڕایانگەیاندووە کە لە ساڵی 2021 ستافی MRCC Dover زۆرجار پشوویان نەداوە. ئەم داوایە بەم بەڵگانە پشتڕاست دەکرێتەوە. بەپێی ئەم بەڵگانە، لانیکەم تاکوو ئۆگۆستی 2021، «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» ئاگاداری ئەمە بوو کە ستافی Dover کێشەی «ماندوویەتی تا ڕادەیەی پرووکان» و نەبوونی دەرفەت بۆ پشووی پێویستیان هەیە.

پاڵپشتی لە دوورەوە کە لە لایەن تۆڕی نیشتیمانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەردا پێشکەش بە MRCC Dover کرا نەیتوانی بە هۆی سنوورداری زانیاری بارودۆخ و توانایی گۆڕینەوەی زانیارییەکان بەتەواوی کێشەی کەمبوونی هێزی مرۆڤی چالاک چارەسەر بکات.

هێزەکانی هەڵمەتی ئامادە لە MRCC Dover لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەردا بە Inquiryیان وت کە لە بواری گەڕان و ڕزگارکردنی بەلەمە بچووکەکاندا، لەوانە شێوازە نوێیەکانی هەڵمەتی ستانداردی تایبەت بەم چالاکییە ڕاهێنانی تایبەتیان بۆ نەکراوە. لە کاتێکدا سەرەڕای وتەکانی شایەتی کۆمپانیای MCA لەسەر بنەمای ئەوەیکە لە مانگەکانی ئۆگۆست و سێپتەمبەری 2021دا خولی ڕاهێنان بەڕێوە چووە، پێناچێت گەیشتبێتە ئەو ستافانەی کە زۆرترین بەشدارییان لە گەڕان و ڕزگارکردنی بەلەمی بچووکدا کردووە. ئەمەش لە دەرەوەی شێوازە ستانداردەکانی هەڵمەت ڕێگەی بۆ دروستبونی شێوازی تاکەکەسی لە MRCC Doverدا، خۆش کردبوو.

سیستەمەکانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» وەها داڕێژراوە کە پێویستە بڕیاردانەکانی MRCC Dover لە لایەن یەکێک لە ستافی باڵاوە، واتا «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»، پشکنینی بۆ بکرێت. هەڵبەت بە هۆی کەمبوونی هێزی مرۆڤی لە «بنکەی شەڕی دەریایی» و پێشێلکردنی پرۆسەکانی گۆڕینەوەی زانیارییەکان کە تا ڕادەیەک بە هۆی گوشاری ئیشی MRCC Doverەوە بوو، ئەو پێداچوونەوەیە ئەنجام نەدرا.

لە مانگی نۆڤەمبەری 2021دا «هێزی سنووری دریایی» هێزی کەم بوو و RNLI بە هەموو توانای خۆیەوە ئیشی دەکرد. سەرەڕای هەبوونی ڕوویکەشی ژمارەیەکی پێویستی کەرەستە لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021دا، «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» و «هێزی سنوور» مەیلیان لە دانانی زیاتر لە یەک ئامێر نەبووە و هەربۆیە ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەردەستی ژمارەیەکی دیاریکراو لە کەرەستە لە ڕۆژی دواتردا.

هەروەها، کارپێکەرانی کەرەستەی ئاسمانی کە لەبەردەستی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بوون بە هۆی زیادبوونی بەرچاوی ڕێژەی پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان لە ساڵی 2021دا گوشاریان لەسەر بووە. ناکرێ ئەم بابەتە بکەین بە پاساو بۆ ناشارەزابوونی گەشتی چاودێری ئاسمانی پلان بۆدانراوی ئەو شەوە، کە کەش و هەواکەی ناخۆش بووە. هەڵبەت بۆ ئەو کاتانەی کە گەشتی چاودێری بە فڕۆکە کتوپڕ هەڵدەوەشێتەوە، پلانی فریاگوزاری نەبووە. لە باردۆخی وەهادا، کات بۆ پلاندانان تەرخان کرا و کاتژمێرەکانی گەشتی هەلیکۆپتەری گەڕان و ڕزگارکردن بۆ چاودێری تەرخان کرا. واتا نەدەکرا هەلیکۆپتەرەکە لە بەیانی ڕۆژی 24ی نۆڤەمبەری 2021دا بۆ هەڵمەتی گەڕان و ڕزگارکردن بەکار بهێنرێت.

بەگشتی، ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بوون لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021دا بە ڕادەی پێویست نەبوون و کەموکوڕییەکە کاریگەری لەسەر کوالیتی کاردانەوەی «Charlie»دا هەبوو.

**«وەرزی 10»** لێکۆڵینەوە لەسەر ئەمە دەکات ئاخۆ هەڵوێستی سەرەتایی گەڕان و ڕزگارکردن لە ڕووداوی «Charlie»دا، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» کۆی کردۆتەوە، تەواو بووە یان نا. لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوە لەسەر کوالیتی گۆڕینەوەی زانیارییەکان لە نێوان «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» و هاوکارەکانی تری «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»دا، پەیوەندی لەگەڵ سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەکە و بەڕێوەبەرایەتی (و کاردانەوەی) بڵاوکردنەوەی ڕێلەی Mayday دەکرێت.

هەندێک لە دۆزراوە گرنگەکان لەم وەرزەدا باس دەکرێن. نەبوونی گەشتی چاودێری و زانیاری پاسەوانی کەنارئاوی فەرنسا دەربارەی بارودۆخی «Charlie» بەو مانایە بوو کە بەر لە پەخشکردنەوەی ڕێلەی Mayday و گەیشتنی کەرەستەکان بۆ شوێنی ڕووداوەکە، پەیوەندییەکانی سەرنیشینەکانی بەلەمە بچووکەکە تاکە سەرچاوەی زانیارییەکانی MRCC Dover بووە.

لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021دا، ئەو کێشە گشتیانەی کە لەسەر ڕێگەی پەیوەندیکردن بە بەلەمە بچووکەکەی لەبەردەمی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»یەوە بوون، بەرچاو و ئاشکرا بوون. بیستن و پەیوەندیکردن ئەستەم بووە و خزمەتگوزاری وەرگێڕان بەکار نەهێنرا. هەربۆیە، کێشەی پەیوەندی دروست بوو و ئەگەری لێک تێنەگەیشتن بە هۆی لەمپەری زمانەوە زیادی کرد.

پاش پەیوەندیکردنی سەرەتایی لەگەڵ بەلەمی بچووکی پەیوەست بە ڕووداوی «Charlie»، کە SMCی چالاکی لە Dover لە سەر هەڵدانی بارودۆخی فریاگوزاری ڕاستەقینە و پێداویستی پەخشکردنەوەی ڕێلەی Mayday ئاگادار کردەوە، پشکنینی پەیوەندییە وەرگیراوەکانی تر کرا کە لە ئاستی فریاگوزارییەکی کەمتر دابوون. دەرفەتە گونجاوەکان بۆبەردەستبوونی زانیاری نوێ دەربارەی شوێنی بەلەمەکە لەکیس چوو. پێویستە پشکنین و لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر ئەم

کەموکوڕیانە لە بواری بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکاندا بە ڕەچاوکردنی ئەو گوشارەی لەسەر ستافی MRCC Dover بوو. تاکوو بەر لە نۆڤەمبەری 2021، لەناو هەندێ لە فەرمانبەرانی ستافدا شێوازی نەگونجاوی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی برەوی هەبوو. MRCC Dover مۆبایلێکی بەکاردەهێنا کە لەگەڵ سیستەمە ناوەندییەکاندا یەکنەخرابوو. «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» هەڵسەنگاندنی لەسەر مەترسی بەکارهێنانی ئەم مۆبایلە نەکردبوو. تاکوو نۆڤەمبەری 2021، «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی گەڕان و ڕزگارکردن سیستەمێکی کرداری لەگەڵ ڕێنمایی ڕوونی جێبەجێ نەکردبوو.

لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021دا، MRCC Dover لە هەمان سەرەتاوە زانیارییەکانی پێگەی شوێنی پەیوەستی لەکیس چوو کە سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەکە بە مۆبایل ناردبوویان. پەیوەندییەکانی سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەکە وەڵام نەدرانەوە و توانایی دەستراگەیشتن بە زانیاری نوێ نەما. جارێکیان کە وەڵامی یەکێک لە پەیوەندییەکان درایەوە – وادیارە بەپێچەوانەی فەرمانی زارەکی – پەیوەندییەکە تۆمار نەکرا و ناوەڕۆکەکەی بە نادیاری مایەوە.

SMC لە MRCC Doverدا، بە هۆی هەستی دەروونی سەرهەڵدانی ڕووداوی فریاگوزاری جیدی و نەبوونی چاودێری ئاسمانی کە نەیدەهێشت سروشتی کێشەی بەلەمە بچووکەکە بزانرێت، بڕیاری دا ڕێلەی Mayday بۆ ڕووداوی «Charlie» پەخش بکاتەوە. ئامانجی SMC ئەمە بوو کە کەشتی فەڕەنسی، Flamant، وەک نزیکترین کەشتی حکومی لە شوێنی ڕووداوەکەی «Charlie»، ڕێگە بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتی ڕزگارکردن لە ئاوەکانی بەریتانیادا خۆش بکات. هەڵبەت کەمتەرخەمی Flamant لە وەڵامدانەوە بۆ ڕێلەی Mayday پلانەکەی ڕووبەڕووی شکست کردەوە.

بەبێ بەردەستبوونی بەڵگەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری ئێستاکەی فەڕەنسا، Inquiry نەتوانێت هۆکارەکانی وەڵامنەدانەوەی Flamant بۆ ڕێلەی Mayday دیاری بکات. هەڵبەت هاوکاری نێوان «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» و پاسەوانی کەنارئاوی فەڕەنسا لە بواری وەڵامدانەوە بۆ ڕێلەی Mayday گونجاو نەبووە. SMC لە Doverدا ئەو کاتە نەیدەزانی کە دەکرێ داوا لە پاسەوانی کەنارئاوی فەڕنسا بکات Flamant بنێرێت بۆ شوێنی ڕووداوەکە و ئەو شەوە ئەمەی نەکرد، ئەگەرچی SMC، لە کاتی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ پاسەوانی کەنارئاوی فەڕنسادا، ڕایگەیاند کە ڕێلەی Mayday پەخش کراوەتەوە و ئەمەکە Flamant نزیکترین کەشتی حکومییە.

ئەو کەشتییە بازرگانانەی لەوێ تێپەڕیون کاردانەوەیەکی وایان بۆ ڕێلەی Mayday نەبووە. ئەم بارودۆخە وادیارە ئەو پابەندبوونانە پێشێل دەکات کە «پەیماننامەی نێودەوڵەتی سەلامەتی ژیان لە دەریادا» بۆ ئەو کەشتیانەی دیاری کردووە. لە کۆتاییدا ڕێلەی Mayday کاریگەری نەبوو. MRCC Dover نەیتوانی ئاگاداری سروشتی کێشەی بەلەمە بچووکەکە ببێتەوە و بۆ یارمەتی هیچ پێشنیارێکی کاریگەری پێنەدرا. هۆکارەکانی ناکاریگەری ڕێلەی Mayday بەگشتی لە کۆنترۆڵی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»دا نییە. کردەوەی ئەو کەشتیانەی پەریونەوە لەژێر کۆنترۆڵی MRCC Dover دا نەبوو و بەرپرسیاریەتی کۆتایی هەڵوێستەکانی Flamant لە ئەستۆی پاسەوانی کەنارئاوی فەڕنسایە.

**«وەرزی 11»** لێکۆڵینەوە لەسەر ئەمە دەکات ئاخۆ هەڵوێستی گەڕان لە ڕووداوی «Charlie»دا، تەواو بووە یان نا. لەم وەرزەدا لێکۆڵینەوە لەسەر کارایی ئەرک و هەڵوێستی دوو گرووپی پەیوەندیدار، بەلەمی یەدەگی «هێزی سنوور»، بە ناوی Valiant، و هەلیکۆپتەری گەڕان و ڕزگارکردن، بە ناوی R163، دەکرێت.

لەم وەرزەدا هەندێ دۆزراوەی گرنگ باس دەکرێت. دۆزراوەکان بە سەرنجدان بە پێشینەی بارودۆخی کەش و هەوای ئەو شەوە، بەتایبەتی سنووورداری بینین، خراونەتە ڕوو. ئەگەرچی بەڵگەکان سەبارەت بە کاریگەری کەش و هەوا لەسەر گەڕان بەدوای بەلەمێکی بچووک یان خەڵک لەناو ئاودا زۆر ڕوون نین، بەڵام گومانی تێدا نییە کە هۆکاری شکستهێنان بووە لە دۆزینەوەی ئەو کەسانەی کە لەسەر کەشتیەکە بوون. هەڵبەت، ئەمە بەتەواوی ڕوونی ناکاتەوە کە بۆچی شوێنی ڕووداوی «Charlie» نەدۆزرایەوە. هۆکارەکانی تریش وایکردووە گەڕانەکە کاریگەر نەبێت.

یەکەم، تاکە گرووپی دەریایی سەقامگیر هەر ئەو بەلەمە یەدەگەی «هێزی سنوور»، واتا Valiant بووە. بەگشتی، بەلەمی ڕزگارکردنی RNLI دەتوانی بۆ ڕزگارکردنی تاکەکان لە بەلەمە بچووکە نوقومبووەکە یان دەرهێنانیان لە ئاوەکەدا باشتر کار بکات. ئەگەرچی نیگەرانییە قایلکەرەکان سەبارەت بە سەرچاوەکان بۆ چاودێری ڕۆژی دواتر – کە چاوەڕوان دەکرا قورس بن – وایکرد کە SMC لە Dover نتوانێت RNLI وەک سەرچاوەیەکی زیادە لە شەوی 23 تاکوو 24ی

نۆڤەمبەری 2021دا بەکار بێنێت. کاتێک کە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» زانیاری لە پاسەوانی کەناراوەکانی فەرەنسا وەرگرت کە چوار بەلەمی بچووک هەبوون و هەموویان لە هەمان ناوچەی گەرووی دۆڤەردا بوون، لەگەڵ کۆی ژمارەی خەڵک لەناو کەشتییەکەدا کە توانای Valiantیان تێپەڕاندووە، دەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە پێداچوونەوەی بڕیارەکە بکاتەوە کە هێزی دەریایی زیادە نەخاتە ئەستۆی خۆی. نەبوونی هێزی مرۆڤی و دەریایی ڕێگری لەم کارە دەکرد.

دووەم، ڕێلەی Mayday بەر لەوەی Valiant لە بەلەمە بچووکەکە نزیک بێتەوە، پچڕا. بە سەرنجدان بە کەموکوڕی زانیارییەکان لەو قۆناغەدا دەربارەی پشتڕاستکردنەوەی دەستنیشانکردنی شوێنی ڕووداوی «Charlie» یان پێویست نەکردنی ناردنی هێزی یارمەتیدەدەر، ڕێلەی Mayday زووتر لە کاتی خۆی پچڕابوو. پاش ئەوەی هەلیکۆپتەری گەڕان و ڕزگارکردنی R163 گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە، Valiant گەڕانی بەبێ کۆردینێتی شوێنی ڕاگرت و بەرەو لای ئەو بەلەمە بچووکانە ڕێنمایی کرا کە R163 دۆزیبوونییەوە.

سێیەم، هەڵمەتی گەڕان بە هەلیکۆپتەری R163 هەندێ کێشەی لەگەڵدا بوو. بەگوێرەی شیکارییەکانی ڕاماڵین کە لەلایەن MAIB ئەنجامدراوە، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ناوچەیەی کە R163 گەڕاوە، بەلەمێکی بچووکی نوقومبووی تێدابووبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ دۆزینەوەی بەلەمێکی بچووکی نوقومبوو یان خەڵک لەناو ئاودا گەڕانەکەی کاریگەر نەبوو. R163 بە ئامانجی دۆزینەوەی شوێنی ڕووداوی «Charlie» ناردرابوو و «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بە هەلیکۆپتەرەکەی نەوتبوو کە پێویستە بەلەمە بچووکە نوقومبووەکە یان خەڵکانی ناو ئاوەکە بدۆزێتەوە. فڕۆکەوانی R163 بە Inquiry وتی ئەگەر دەیزانی خەڵکەکە لەناو ئاوەکە دان «بارودۆخەکە جیاواز دەبوو.» لەڕاستیدا، R163 بۆ دۆزینەوەی چەندین بەلەمی بچووک کە وادیارە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بوون، ناردرابوو.

پلاندانانی فەرمی دۆزینەوەی R163 لە ئەستۆی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» نەبوو. لە ئەنجامدا، ئەو شێوازە گەڕانەی کە بە R163 درابوو، لەسەر بنەمای تەکنیکەکانی پلاندانانی گەڕانی نووسراو لە «نامیلکەی نێودەوڵەتی دۆزینەوە و ڕزگارکردنی ئاسمانی و دەریایی» (IAMSAR) نەبوو. «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» پارامیترەکانی دۆزینەوەی تەواو، لەوانە دووری ڕێگە و پانایی بەرفراوانی نەخستبووە بەردەستی R163. ئەژمارکردنی دووری گونجاوی ڕێگە بەپێی زانیاری پەیوەست بۆ ئامانجی دۆزینەوە جێبەجێ دەکرێت. ئەگەرچی دەستەی فڕۆکەوانی R163 دەبوو بەبێ ئەم زانیاریانە دووری ڕێگەکە جێبەجێ بکەن.

مەودای ڕێگەکە کە R163 بۆ ڕێژەی 0.7 میلی دەریایی (nm) ڕێکی خستبوو لەگەڵ پێشنیاری نامیلکەی IAMSAR بۆ بەلەمی بچووک بە درێژایی 6 تاکوو 10 مەتر لە بارودۆخی هاوشێوەی ئەو شەوە دەگونجێت. هەڵبەت نامیلکەی IAMSAR بۆ دۆزینەوەی خەڵکی ناو ئاو مەودایەکی کورتتر لە چوارچێوەی دۆزینەوە و گەڕانێکی کەمتردا پێشنیاز دەکات. Inquiry قەناعەت بەوە ناکات کە مەودای0.7 میلی دەریایی گونجاو بێت بۆ گەڕان بەدوای خەڵک لە ئاودا لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021. کەمبوونی ڕووبەری بینین بەم مانایەیە کە R163، بەبێ گەشتی ڕاستەوخۆ لەسەر مەودای ئامادەبوونی خەڵکی ناو ئاوەکە، لەوانەیە نەیتوانیبێت ئەوان بدۆزێتەوە. ئەو ڕووبەرە گەورەترەی کە لەژێر سەرپەرشتی دووری فراوانتری ڕێڕەوەکانەوە دایە و لەلایەن R163 بەکاردەهێنرێت، ئەگەری سەرکەوتنی R163 بۆ دۆزینەوەی خەڵک کەم کردبۆوە. بەبێ پلاندانانی گەڕان و دۆزینەوە، «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی لە سەرکەوتنی R163 لە هەڵمەتی گەڕان و دۆزینەوە دڵنیا بێتەوە. هەربۆیە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» نەیدەتوانی ئەنجامەکانی گەڕان و دۆزینەوەی Valiant و R163 بۆ ڕاگرتنی هەڵمەتی گەڕان و ڕازگارکردنی ڕووداوی «Charlie» بکات بە بنەمای بڕیاردان. هەڵمەتی گەڕان و دۆزینەوە لە ڕووداوی «Charlie»دا بێ ئەنجام بوو. هەڵبەت ناکرێ ئەم بێ ئەنجامییە بخرێتە پاڵ کرداری فڕۆکەوان یان دەستەی فڕۆکەوانی Valiant یان R163 .

**«وەرزی 12»** پشکنین و لێکۆڵینەوە بۆ بڕیاردانی ڕاگرتنی گەڕان و دۆزینەوەی بەلەمی بچووکی ڕووداوی «Charlie» و بنەمای ئەم بڕیاردانە و شێوازی تۆمارکردنی ئەم بڕیارە دەخاتە ڕوو.

ئەم وەرزە دەرئەنجام و دۆزراوە گرنگەکان لەخۆ دەگرێت. بۆنموونە لەم وەرزەدا هاتووە سەرەڕای ئەوەیکە Valiant لە ماوەی چاودێری شەوانەی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021دا توانیویەتی سێ بەلەمی بچووک ڕزگار بکات، وردەکاری هیچکامیان لەگەڵ ئەو زانیاریانەی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» دەربارەی ڕووداوی «Charlie» هەیبوو، یەکی نەگرتۆتەوە. هەڵبەت Inquiry گومانی نەبوو کە هەموو لایەنەکانی هەڵمەتی چالاک لە ماوەی چاودێری شەوانەی

23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021 لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە بەدواداچوون بۆ ڕووداوی «Charlie» تاکوو کۆتایی ئەو شەوە جێبەجێ کراوە. بەتایبەتی، Dover SMC لەو چاودێری شەوانەدا دووەمین بەلەمی بچووکی ڕزگارکراو لە لایەن Valiantی بە هەمان ڕووداوی «Charlie» دەستنیشان کردبوو. هەرچەندە ئەم دەرئەنجامە نەنووسرابوو و بە هاوکارەکانیش ڕانەگەیێنرا.

بە هۆی کێشەی پەیوەست بە تۆمارکردنی زانیارییەکان، لە نێوان دەئەنجامی Dover SMC و زانیارییەکانی ناو تۆمارە بە بەڵگەکراوەکاندا جیاوازی هەیە. تۆمارەکان دەریاندەخست یەکەم بەلەمی بچووک کە لە لایەن Valiantەوە ڕزگار کرابوو هەمان ڕووداوی «Charlie» بوو کەچی SMC لە Dover ئەم بەلەمەی پەیوەست بە ڕووداوێکی تر بە ناوی «Lima» دەزانی. ئەم هەڵانە هەرگیز ڕاست نەکرانەوە.

ئەو زانیاریانەی کە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» دەربارەی ڕووداوی «Charlie» هەیبوو بێگومان لەو زانیارانە هێنرابوونە دەرەوە کە دەربارەی دووەمین بەلەمی بچووکی ڕزگارکراو لە لایەن Valiant ەوە دەست کەوتبوون. تاکوو دۆزرانەوەی ئەو بەلەمە بچووکە، SMC لە Dover هێشتا نەگەیشتبووە ئەو دەرئەنجامە کە زانیارییە وەرگیراوەکان دەربارەی ڕێژەی فریاگوزاری و بەپەلەبوونی دەربارەی ڕووداوی «Charlie» ڕاستە. ئەم بڕوایە لە لێکدانەوە و تێگەیشتنەکانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لەو کات و قۆناغەدا هەبوو.

بابەتی سەرەکی ئەمە بوو کە لە مانگی نۆڤەمبەری 2021دا، ئەم بڕوایە لەناو ستافی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» پەرەی سەندبوو کە سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەکان بەگشتی دەربارەی ئازار و چارەڕەشی خۆیان شتەکان گەورە دەکەنەوە. ئەم بڕوا باوە لەسەر کوالیتی هەڵمەتی گەڕان و ڕزگارکردن لە ڕووداوی «Charlie» کاریگەری خراپی هەبوو. هەربۆیە Valiant و R163 ئەو بەلەمەیان نەدۆزییەوە کە خەریک بوو نوقوم دەبوو و بە ڕاگیرانی پەیوەندییەکانی پەیوەست بە ڕووداوی «Charlie»، SMC لە Dover سەرنجی وای وای نەدا بە سیناریۆی بەدیل، کە خەڵکی ناو بەلەمەکە بە تەواوی چوونەتە ناو ئاوەکەوە.

لە سەرەتای چاودێری ڕۆژانە لە ڕێکەوتی 24ی نۆڤەمبەری 2021دا، ڕووداوی «Charlie» بە چارەسەرکراو دادەنرا، کەچی دۆکیۆمێنتەکانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لەو کاتەدا دەریدەخست ڕووداوێک ڕووی داوە. ستافی هەڵمەتی چاودێری ڕۆژانە پشتیان بە ڕادەستکردنی چاودێری شەو و هەروەها بە نووسینە هەڵەکان لە تۆمارە بەڵگەنامەییەکاندا بەست بۆ ئەوەی ڕووداوەکە هەر ئەو ڕۆژە بە فەرمی دابخەن.

## بەشی 4: ناسینەوەی کەسانی ناو بەلەمەکە

**«وەرزی 13»** دەرئەنجامی ئیشی Inquiry بۆ دیاریکردنی کەسایەتی سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەکە لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021 دەخاتە ڕوو. لەم وەرزەدا ئاماژە کراوە کەسایەتی و شوناسی 26 کەس لەو 27 سەرنشینەی کە تەرمەکەیان دۆزرابۆوە، بە ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانی Inquiry دیاری کراوە. سەرەڕای ئەوەیکە کەسایەتی وردی کەسی بیست و حەوتەم مومکین نییە، Inquiry دەتوانێت لەسەر کەسایەتی ئەو کەسە ڕا و بۆچوون پێشکەش بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، لەم وەرزەدا هاتووە Inquiry، بە متمانەیەکی گونجاوەوە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی چوار کەسی تر کە سواری بەلەمەکە بوون تەرمەکەیان نەدۆزراوەتە. Inquiry بە دڵنیاییەوە کەسایەتی دوو ڕزگاربووەکەی دیاری کردووە.

کەوایە بە بۆچوونی Inquiry، ئەو بەلەمە لانیکەم 33 سەرنشینی هەبووە. Inquiry، بەپێی ئەو زانیاریانەی لە بەڕێز عیسا محەممەد عومەر، یەکێک لەو دوو ڕزگاربووانی ڕووداوەکە وەریگرتووە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زیاتر لە 33 سەرنشین سواری ئەو بەلەمە بوون. هەرچەندە هیچ هۆکارێک نییە بۆ گومان کردن لە گەواهیدانەکەی عومەر بەڵام نەتوانراوە بە دڵنیایی تەواو بڕیار بدەین کە زیاتر لە 33 کەس لەناو بەلەمەکەدا بوون.

**«وەرزی 14»** زانیاری ژیاننامەیی دەربارەی مردووان و سەرنشینە ونبووەکانی بەلەمە بچووکەکە دابین دەکات، بە بەکارهێنانی بەڵگە و وێنە کە خێزانەکانیان ناردوویانە. هەروەها باسی خزم و کەسیان دەکات کە چۆن مردن یان دیارنەمانی خۆشەویستەکانیان کاریگەری لەسەر ئەوان هەبووە.

## بەشی 5: دەرئەنجام و پێشنیار

**«وەرزی 15»** دۆزراوە گرنگەکانی بەشەکانی 2 و 3ی ڕاپۆرتەکە کۆ دەکاتەوە و ڕەچاوی ئەوە دەکات کە تا چ ڕادەیەک، بە پشتبەستن بە بەڵگەکانی پسپۆڕی ڕزگاربوونی Inquiry، دەتوانرا دەکرا لە ژمارەی مردنی ئەو خەڵکە ڕزگار بکرێنکەم کرێتەوە. لەم وەرزەدا هاتووە کە دەکرا ڕێگە لە مردنی ئەو خەڵکە بگیرێت.

ئەم وەرزە بە قبوڵکردنی ئەنجامەکەی MAIB دەست پێدەکات کە «بە دابینکردنی کەشتییەکی نەگونجاو و کەرەستەی سەلامەتی ناتەواو بۆ پەڕینەوەکە، و بە قەرەباڵغکردنی 33 کەس بۆ سەر بەلەمەکە، ئەو کەسانەی کە ئاسانکارییان بۆ هەوڵی پەڕینەوە کردووە، گیانی سەرنشینەکانی بەلەمەکەیان خستۆتە مەترسی جیدییەوە.»

سەبارەت بە ڕزگارکردن، پرۆفیسۆر Michael Tipton MBE، پسپۆڕی Inquiry، ڕایدەگەیێنێت کە زۆرینەی سەرنیشینەکانی بەلەمەکە کاتێک نەیانتوانیوە لەتە سەرئاوکەوتووەکانی بەلەمەکە بگرن، بەهۆی ساردبوونەوەی دەست و دەست و قاچەکانیان، لەدەستدانی هۆش یان وەستانی دڵ بەهۆی دابەزینی پلەی گەرمی خنکاون. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەری سەرەکی مردنی پزیشکی خنکان بووە. ئەو بەبێ پێداچوونەوە بە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی پاش مردنی دەسەڵاتدارانی فەرەنسا گەیشتە ئەم دەرئەنجامە.

بە ڕا و بۆچوونی Tipton، سەرەڕای ئەوەیکە هەندێک لە سەرنشینەکان ڕەنگە دەستبەجێ پاش کەوتنە ناو ئاوەکە و بەرگەگرتن لە هەمبەر شۆکی ئاوە ساردەکەدا گیانیان لە دەست داوە، وا نییە کە کات و هۆکاری مردنی زۆرینەی سەرنیشینەکانی بەلەمەکە هەر ئەم پرسە بووبێت. کەوایە، ڕەنگە زۆربەی سەرنشینەکان لە ماوەیەکی زیاتردا گیانیان لە دەست داوە و لە کاتژمێر تەقریبەن 03:24ی ڕۆژی 24ی نۆڤەمبەری 2021دا، یانی کاتی هاتنی کەشتی «سنوور»ی Valiant بۆ پێگەی ڕێلەی Mayday، هەر زیندوو بوون. پرۆفیسۆر Tipton دەڵێت هەندێک لە سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەکە بەر لە هەڵاتنی خۆر، یانی دەوروبەری 07:00ی بەیانی گیانیان لە دەست داوە و هەندێکی تریش لە ماوەی هەڵاتنی خۆر تاکوو جێبەجێکردنی هەڵمەتی ڕزگاری لە سەرەتای پاش نیوەڕۆی 24ی نۆڤەمبەری 2021دا گیانیان لەدەست داوە. کەوایە بە بۆچوونی پرۆفیسۆر Tipton، ڕەنگە هەندێ کەس تاکوو دەوروبەری کاتژمێر 07:00ی ڕۆژی 24ی نۆڤەمبەری بەیانی – ژمارەیەکی کەمتر - تاکوو سەرەتای پاش نیوەڕۆ زیندوو بوون.

لەم وەرزەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە ڕوانگە و بۆچوونەکانی پرۆفیسۆر Tipton و ئەزموون و تێبینییە ڕاستەوخۆکانی بەڕێز عیسا محەممەد عومەر، یەکێک لەو دوو ڕزگاربووەی ڕووداوەکە و شایەتەکانی Inquiry، یەک دەگرنەوە. بەڕێز عومەر لە شایەتی زارەکی خۆی لە Inquiry، وتوویەتی کە ئەو کەسانە کاتێک کەوتوونەتە ناو ئاوەکە زیندوو بوون و دەوروبەری 10 کەسیان هەتاکوو بەیانی هەر زیندوو بوون. بە بۆچوونی پرۆفیسۆر Tipton، هیچکام لەوانەی ونبوون زیاتر لە چوار بۆ پێنج کاتژمێر پاش کەوتنە ناو ئاوەکە زیندوو نەبوون. ئەمانە لەوانەیە لە ماوەی 07:00 تاکوو 12:30 ڕۆژی 24ی نۆڤەمبەری 2021دا گیانیان لە دەست دابێت.

بەم پێیە، ئەم وەرزە باسی بابەتی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» دەکات کە لە وەرزەکانی پێشوودا هاتە ئاراوە و باسی پرسی بارودۆخی هێزی مرۆڤی لە MRCC Dover و کاریگەری ئەو لەسەر ڕووداوەکانی ئەو شەوە دەکات. «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» زۆرجار پرسە تایبەتەکانی هێزی مرۆڤی دیاری و تاقی کردۆتەوە و ئەوانەی بەڕاشکاوی بە ئەگەری سەرهەڵدانی مەترسی، لەوانەیە مردنی تاکەکان بە هۆی کاردانەوەی هەڵە، لەدەستدانی هۆشیاری بارودۆخ و کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی و ورەی ستاف بەستۆتەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ستافی MRCC Dover لە شەوی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021دا سەریان لێشێواوە.

«پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» ئاگاداری ئەم پرس و مەترسیانە بووە. Inquiry لەسەر چۆنیەتی بەدواداچوونی ئیحتیمالی بۆ ئەم کێشانە بەر لە نۆڤەمبەری 2021 بەڵگەیەکی وای نەگەیشتۆتە دەست. لەم وەرزەدا ئاماژە بە پێشێلکردنی چاودێری DfT لەسەر MCA (و لە ئاکامدا، چاودێری MCA لەسەر «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»)، لە ماوەی پێش و پاش 24ی نۆڤەمبەری 2021دا کراوە. بەبێ چاودێری کارامە، ڕێژەی پێداویستی گۆڕانکاری بە شێوەیەکی دروست دەستنیشان یان پشکنینی بۆ ناکرێت.

دەربارەی هەڵوێستەکانی گەڕان و ڕزگارکردنی ئەو شەوە لەم وەرزەدا ئاماژە بە دوو لایەنی گرنگ کراوە. یەکەم، بڕیاری «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بۆ پەخشکرنەوەی ڕێلەی Mayday لە 02:27ی ڕۆژی 24 نۆڤەمبەری 2021 باش دەکرێت. ئەمە دەریدەخات کە لایەنەکانی پەیوەست بە ڕووداوی «Charlie» بەشدار بوون و داوای یارمەتیان لە هەموو کەشتییە ئامادەبووەکانی ئەو ناوچەیە کردوو. نزیکترین کەشتی لە شوێنی ڕووداوەکەی «Charlie» لە کاتی پەخشکردنەوەی ڕێلەی Mayday کەشتی شەڕی فەڕەنسی Flamant کە لەژێر چاودێری پاسەوانی کەنارئاوی فەڕەنسادا بووە. بەپێی ئەو بەڵگانەی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» پێشکەش بە Inquiry کردووە، مەودای Flamant تاکوو کۆردینێتی پەخشکردنەوە دەورووبەری 3 میلی دەریایی یان 15 خولەک بووە. لە لایەکەوە، Valiant دەروبەری 9 میلی دەریایی یان 40 خولەک لەو شوێنە دوور بووە.

سەرەڕای ئەوە، Flamant وەڵامی ڕێلەی Mayday نەداوەتەوە. کاربەدەستانی فەڕەنسی خەریکی پشکنینی هەڵوێست و کەمتەرخەمی ئیحتیمالی Flamantن و کاریگەری ئیحتیمالی داواکاری یان فەرمانی ڕاستەوخۆ هەر نادیارە. هەڵبەت بە سەرنجدان بە نزیکبوونی Flamant لە ڕووداوی «Charlie» کاتی پەخشبوونەوەی ڕێلەی Mayday، و ئەمەکە بەلەمە بچووکەکە لەو کاتەدا هەر ساغ بووە، ئەگەر Flamant لە شوێنی ڕووداوی «Charlie»دا ئامادە دەبوو، کەسانێکی زیاتر و ڕەنگە هەموو سەرنشینەکانی بەلەمە بچووکەکە ڕزگار کرابانایە.

دووەم، ئەم وەرزە باس لە کەموکوڕی بڕیاردانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لەو شەودا دەکات کە لە وەرزەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکرا. ئاشکرایە دابینکردنی زانیاری ڕاست و بڕواپێکراو دەربارەی ئەو بەلەمە بچووکانەی لە کەناڵەکە دەپەڕنەوە چالنجی ئەوتۆیان لەگەڵدایە بەڵام «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بەر لە نۆڤەمبەری 2021 ئاگاداری ئەم چالنجانە بۆتەوە. لە سەرەتای نۆرە ئیشی 23ی نۆڤەمبەری 2021دا، «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» دەربارەی ئەو بەلەمە بچووکانەی لە گەرووی دۆڤەر دەپەڕینەوە بەرەوڕووی کەمبوونەوەی زانیاری کاتی بۆتەوە. بە هۆی بارودۆخی کەش و هەوا، گشتی ناسینەوە جێبەجێ نەکرا. زانیارییە وەرگیراوەکان لە کاربەدەستانی فەڕەنسی سنووردار و بە تەئخیرەوە بوو و کاردانەوەیەکی کاریگەری بۆ ڕێلەی Mayday نەبوو.

هەڵبەت کاتێک SMC لە Dover یەکەم پەیوەندی لە شوێنی ڕووداوی «Charlie» لە کاتژمێر 01:48دا وەرگرت، زانی کە ڕەنگە بارودۆخی فریاگوزاری و بەپەلە ڕووی دابێت. سەرەڕای ئەم هەڵسەنگاندنە و بەپێچەوانەی شێوازەکانی هەڵمەتی ستاندارد، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری تەواو لە پەیوەندیکەرانی دواتر هەوڵێکی وا نەدرا و زانیارییەکانی ڕووداوەکە گرنگیان پێنەدرا. «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لە ماوەی ئەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ بەلەمەکەدا کران، دەرفەتی کۆکردنەوەی زانیاری شوێنی بەرۆژی لە دەست دا.

هەروەها ئەو دەرفەتانەش لەدەست چوون کە لە ماوەی ئەو گەڕان و دۆزینەوانەی بە فەرمانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» و بە یارمەتی HM Valiant و هەلیکۆپتەری R163 جێبەجێ دەکرا. هیچکام لە گرووپەکانی گەڕان بە نوقومبوونی بەلەمە بچووکەکە یان کەوتنە ناو ئاوی خەڵکەکەیان نەزانی. پارامیترە تەواوەکانی گەڕانیش نەخرانە بەدەستی ئەم گرووپانە. لەڕاستیدا پلاندانانی فەرمی گەڕان و دۆزینەوە بۆ ڕووداوی «Charlie» لە ئەستۆی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» نەبوو. شوێنی هیچکام لە سەرنشینەکانی بەلەمەکە لە ڕووداوی «Charlie»دا دیاری نەکرا. بارودۆخی کەش و هەوای ئەو شەوە تەنیا هۆکارێکی بچووکە بۆ دیاریکردنی شوێنی ئەو کەسانە. هەروەک لە وەرزەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە کەموکوڕی و کەمتەرخەمی ئەم گەڕان و دۆزینەوانە خرایە پاڵ «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» نەک Valiant یان R163.

سەرەڕای جیاوازی ئاشکرای نێوان زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕووداوی «Charlie» و بەلەمی بچووکی دووەم، SMC لە Dover وایزانیبوو ئەو بەلەمە بچووکە دووەمییە کە لە لایەن Valiantەوە ڕزگار کرابوو ئی ڕووداوی «Charlie»یە. ئەم دەستنیشانکردنە هەڵەیە لە کۆتاییدا وای کرد پێشوەخت هەڵمەتەکە ڕابگیرێت.

ئەنجامی ئەم دەستنیشانکردنە هەڵەیە کە ڕووداوی «Charlie» چارەسەر کراوە ئەمە بوو کە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» هیچ هەوڵێکی نەدواوە بۆ گەڕان و دۆزینەوە یان ڕزگارکردنی ئەو کەسانەی لەناو ئاوەکەدا لە ماوەی 06:46دا زیندوو بوون یانی ئەو کاتەی Valiant هەڵمەتی گەڕانی ڕاگرت تاکوو 12:57 واتا ئەو کاتەی کە کەشتییەکی ماسیگرتن لە ئاوەکانی فەڕنسادا هەواڵی دۆزینەوەی تەرمەکانی دا بە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی». ئەگینا هەڵمەتی گەڕان و

دۆزینەوە هەتاکوو کۆتایی ئەوپەڕی ناسینەوە، بەپێی هەژمارکردنی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» یانی لانیکەم لە ماوەی ڕۆژی 24ی نۆڤەمبەردا، بەردەوام دەبوو. نە سنووردراری بینین و نە بارودۆخی تاریکایی بۆ هەڵمەتی گەڕان و دۆزینەوە نەدەبوو بە لەمپەر. ئێوارەی 24ی نۆڤەمبەری 2021 هەلیکۆپتەری R163 زۆر بە ئاسانی دەیتوانی شوێنی تەرمەکان لە ئاسمانەوە دەستنیشان بکات. ئەگەر گەڕان و دۆزینەوەی ڕزگاربووان لە ڕۆژی 24ی نۆڤەمبەردا و لە ڕووناکاییدا جێبەجێ کرابا، کەسانێکی زیاتر ڕزگار دەکران.

وەک شیکردنەوەکان دەریدەخەن، کەموکوڕی لە پرۆسەی بڕیاردانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»دا بەرچاوە. بە تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ گوشاری زۆر لەسەر ستافی «پاسەوانی کەناراوەکانی پاشایەتی» لە MRCC Dover لە پرۆسەی گەڕان و ڕزگارکردن و چاودێرنەکردنی کارامەی کرداری ستافەکە، سنووردداربوونی مۆدێلی ئیشکردن لەدوورەوە بۆ یارمەتیدانیان، و ئەو باوەڕەی کە لەنێو کارمەندانی پاسەوانی کەناراوەکانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» پەرەی سەندبوو کە پەیوەندیکەران لە بەلەمی بچووکەوە بەردەوام ئاستی ناڕەحەتی خۆیان زۆر گەورە دەکەنەوە و زێدەڕۆیی دەکەن.

**«وەرزی 16»** ئاماژە بەو بەرەوپێشچوونانە دەدات کە لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی سێ لێکۆڵینەوەی پێشووتر یان پێداچوونەوەکانی پەیوەست بە ڕووداوەکەی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021 بەدەستهاتوون. ئەم لێکۆڵینەوانە بریتین لە ڕاپۆرتی MAIB کە لە سەرەتادا ئاماژەی پێدراوە، پێداچوونەوەیەکی هاوتا لەلایەن «پاسەوانی کەناراوەکانی ئەمریکا» لە مانگی جولای 2023 و پێداچوونەوەیەکی ناوخۆیی لەلایەن «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» لە مانگی مەی 2024دا.

لەم وەرزەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە هەر سێ پێداچوونەوەکە پێشنیاریان پێشکەش کردووە، هەندێکیان پەسەند کراون و جێبەجێ کراون. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاسپاردەکانی تر لەوانە چەند ڕاسپاردەیەکی «پاسەوانی کەنارئاوەکانی ئەمریکا» ڕەت کراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش، لە پێداچوونەوە ناوخۆییەکەی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی»دا ئاماژەی بە هەندێک لەو شکستە گرنگانە نەکراوە کە Inquiry دۆزیبوونییەوە.

**«وەرزی 17»** ڕاسپاردەکانی خودی Inquiry لە خۆ دەگرێت کە لە چوارچێوەی «بواری دەسەڵات»دا بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری سەرهەڵدانی ڕووداوی هاوشێوە باس کراوە. ڕاسپاردەکان لە چوار پۆلێندا خراونەتە ڕوو.

- کۆمەڵەی یەکەمی ڕاسپاردەکان پەیوەستە بە هەڵمەتی گەڕان و ڕزگارکردنی بەلەمە بچووکەکان لەوانە هەڵمەتی گەڕان و دۆزینەوە و ڕزگارکردن لە ماوەی 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021دا.
- کۆمەڵەی دووەمی ڕاسپاردەکان پەیوەستە بە هەڵمەتی گەڕان و دۆزینەوە و ڕزگارکردن لەو ڕووداوانەدا کە قوربانی بە کۆمەڵ هەیە.
- کۆمەڵەی سێیەمی ڕاسپاردەکان پرسەکانی پێکهاتەیی و یاسایی پەیوەست بە ڕێکخراوەی بەریتانی چالاک لە بواری گەڕان و دۆزینەوە و ڕزگارکردنی دەریایی لەخۆ دەگرێت.
- کۆمەڵەی چوارەمی ڕاسپاردەکان پەیوەستە بە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارانەی لە MAIB پێشکەش کراون.

ڕاسپاردەکان ئەمانەن:

## ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە هەڵمەتی گەڕان و ڕزگارکردن لە 23 تاکوو 24ی نۆڤەمبەری 2021دا و پەڕینەوەی بەلەمە بچووکەکان.

**ڕاسپاردەی 1:** بە لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکانی بەکارهێنانی تۆڕ بۆ گەڕان و ڕزگارکردنی بەلەمی بچووک کە بریتییە لە دابەشکردنی هێزی مرۆڤی بەسەر شوێنە جیاوازەکاندا، پێویستە «پاسەوانی کەناری پاشایەتی» دڵنیا بێت لەوەی کە ڕێوشوێنەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەم مەترسیانە کاریگەرن و بەردەوام کاریگەریان هەڵبسەنگێنێت.

**ڕاسپاردەی 2:** پێویستە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بەخێرایی لە تەکنەلۆجیای پێویست بۆ یارمەتیدانی بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ڕووداوەکانی دووبارەبوونەوەی بەلەمی بچووک هەوڵی وەبەرهێنان بدات. ئەگەر

نەتوانرێت لە بودجەی ئێستای «ئاژانسی دەریایی و پاسەوانی کەنارئاو»ەوە پارە دابین بکرێت، دەبێت «وەزارەتی گواستنەوە» دڵنیایی بدات لەوەی کە پارەی زیاتر بۆ ئەم مەبەستە دابین دەکرێت.

**ڕاسپاردەی 3:** «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» پێویستە بەردەوام هەڵسەنگاندن بکات کە ئاخۆ کەرەستە و سەرچاوەی مرۆڤی بەردەست بەسە بۆ وەڵامدانەوەی هەردوو ئاستی ئێستا و پێشبینیکراوی چالاکی بەلەمی بچووک. ئەگەر پێداویستی پێشبینیکراو بۆ سەرچاوەکان لە چوارچێوەی بودجەدا جێبەجێ نەکرێت، ئەوا پێویستە کێشەکە بەخێرایی بە «وەزارەتی گواستنەوە» ڕابگەیێنرێت.

**ڕاسپاردەی 4:** پێویستە «پاسەوانی کەناری پاشایەتی» ڕاهێنان و خولی نوێکردنەوە بۆ ستافەکان پێشکەش بکات لەسەر هەڵمەتی گەڕان و ڕزگارکردنی بەلەمی بچووک، لەوانە گرنگی دوورکەوتنەوە لە لایەنگری ئاسایی، بەتایبەتی گریمانەکانی تایبەت بە زێدەڕۆییکردن و گەورەکردنەوەی شتەکان دەربارەی ئەو پەیوەندیانەی لە بەلەمە بچووکەکانەوە وەردەگیرێن.

## ڕاسپاردەکان سەبارەت بە وەڵامدانەوەی گەڕان و ڕزگارکردن بۆ ڕووداوەکانی قوربانی بەکۆمەڵ. ڕاسپاردەکان پەیوەستن بە چالاکی بەلەمە بچووکەکانەوە، بەڵام تایبەت نین و مەبەستیان پاڵپشتیکردنی پەرەسەندنێکی فراوانترە لە کاردانەوەی گەڕان و ڕزگارکردنی دەریایی بەریتانیادا.

**ڕاسپاردەی 5:** ئەوانەی بەشدارن لە هەڵمەتی گەڕان و ڕزگارکردنی دەریاییدا پێویستە بە فەرمی ڕێوشوێنی «پۆلێنکردنی چارەسەری خەڵکی ناو ئاو» بۆ ڕێنمایی کاردانەوەی هەڵمەتی گەڕان و ڕزگارکردنی دەریایی بگرنە بەر. ئەم ڕێوشوێنە کاتێک جێبەجێ دەکرێت کە ژمارەی ئەو کەسانەی پێویستیان بە ڕزگارکردن هەیە لە توانای یەکەکانی گەڕان و ڕزگارکردن لە شوێنەکە زیاتر بێت.

**ڕاسپاردەی 6:** ئەوانەی بەشدارن لە هەڵمەتی گەڕان و ڕزگارکردنی دەریاییدا پێویستە بەردەوام بن لە بەشداریکردن لە مەشقە هاوبەشەکان لەسەر پرۆسەی پۆلێنکردنی خەڵک لە ئاودا.

**ڕاسپاردەی 7:** پێویستە «وەزارەتی گواستنەوە» بە «ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی دەریایی» ڕاسپێرێت کە دانانی ئامێری پۆلێنکردنی چارەسەری قوربانی قورس لەناو ئاودا بخاتە ناو سیاسەت و ڕێوشوێنەکانیەوە.

**ڕاسپاردەی 8:** پێویستە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» سیاسەتەکانی ئێستاکەی خۆی ڕاست بکاتەوە و پێداویستی پێشکەشکردنی ئامۆژگاری گشتگیرتر لەسەر ڕزگارکردنی کەسانێک کە لە دەریادا گرفتار دەبن، لە سیاسەتەکانی خۆیدا بگونجێنێت.

**ڕاسپاردەی 9:** پێویستە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» پشکنین و لێکۆڵینەوە بکات و بزانێت ئاخۆ گونجاوترین مۆدێل و نموونە بۆ ڕزگارکردنی کەسانێک بەکار دێنێت کە لە ئاوە ساردەکاندا گرفتار بوون یان نا. پێویستە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» سیاسەتەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە و دڵنیا بێتەوە کە ئەم سیاسەتانە ڕێگە بۆ دیاریکردنی بەردەوامی ئەوزانیاری سەبارەت بەو بگۆڕە گرنگانەسەرەکیانە خۆش دەکات کە لە لایەن خەڵکی ناو ئاوەوە دەگات. ئەگەر زۆربوونی کەسانی ناو ئاو کۆکردنەوەی زانیارییەکان قورس و گران بکات، پێویستە سیاسەتەکانی «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» کۆکردنەوەی بگۆڕە گرنگەکان بخاتە ئەولەوییەتەوە.

**ڕاسپاردەی 10:** پێویستە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ چالاکوانانی گەڕان و دۆزینەوە و ڕزگارکردن لە بەریتانیا و وڵاتانی تر بەردەوام بێت و بۆ دیاریکردنی دەرفەتەکانی پەرەپێدان یان سەقامگیرکردنی کەرەستەکان و فرت و فێڵی بەهێزکردنی هەڵمەتی گەڕان و دۆزینەوە و ڕازگارکردن هەوڵ بدات.

## ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە ڕێکخراوەی بەریتانیایی چالاک لە بواری گەڕان و دۆزینەوە و ڕزگارکردنی دەریاییدا.

**ڕاسپاردەی 11:** ڕۆڵ و کرداری گەڕان و دۆزینەوە و ڕزگارکردن پێویستە لە یاسای نوێکراوەدا ئاماژەی پێبکرێت.

**ڕاسپاردەی 12:** پێویستە دەزگایەکی دەرەکی سەربەخۆ بەرپرس بێت لە هەڵسەنگاندنی بەردەوامی کاریگەری و کارایی «پاسەوانی کەناری پاشایەتی». پێویستە ڕەچاوی فراوانکردنی دەسەڵاتی پاشایەتی پشکنەری پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە و فریاگوزاری بکرێت بۆ ئەوەی وەک دەزگایەکی بەرپرس لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەدا خزمەت بکات.

**ڕاسپاردەی 13:** پێویستە حکومەت بیر لە ڕاسپاردەکەی بەڕێز Downer بکاتەوە لە پێداچوونەوە سەربەخۆیەکەیدا بۆ «هێزی سنوور». لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە نابێت «هێزی سنووری دەریایی» بەردەوام بێت لە دابینکردنی ئەرکی گەڕان و ڕزگارکردن لە دەریای مانەشدا، بۆ ئەوەی «پاسەوانی کەناری پاشایەتی» بەرپرسیاریەتی ئەو کەرەستانە بگرێتە ئەستۆ کە بۆ گەڕان و ڕزگارکردن بەکاردەهێنرێن.

**ڕاسپاردەی 14:** تا ئەو کاتەی ڕێکخستنەکانی ئێستای گەڕان و دۆزینەوە و ڕزگارکردن لە دەریای مانەشدا بەردەوام بێت، پێویستە ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتییەکانی «پاسەوانی کەناری پاشایەتی» و «هێزی سنوور» لە یاداشتنامەیەکی لێک تێگەیشتندا دیاری بکرێت.

**ڕاسپاردەی 15:** پێویستە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» بۆ بەڕێوەچوونی مەشقە هاوبەشەکان، لە ماوەی دیاریکراودا بە بەشداری لایەنە چالاکەکان لە بواری گەڕان و ڕزگارکردنی دەریایی لە دەریای مانەش و شوێنەکانی تردا، پلانێک ئامادە و جێبەجێ بکات.

**ڕاسپاردەی 16:** پێویستە «پاسەوانی کەنارئاوی پاشایەتی» پلانێکی هەڵمەتی ڕزگارکردنی بەکۆمەڵ دابڕێژێت کە فەرمان و کۆنترۆڵ، هەماهەنگی، بەشداری لایەنە پەیوەندیدارە دەرەکییەکان، بەرپرسیاریەتی پزیشکی و جێبەجێکردنی یاسا، و پەیوەندییە گشتی و دەرەکییەکان بگرێتەوە.

**ڕاسپاردەی 17:** پێویستە «پاسەوانی کەناری پاشایەتی» و «ئاژانسی دەریایی و پاسەوانی کەنارئاوەکان» پرۆتۆکۆلێک بۆ«پاسەوانی کەناری پاشایەتی» بۆ ناردنی کەیسەکان بۆ تیمی لێکۆڵینەوەی پابەندبوون بە یاساکانی «ئاژانسی دەریایی و پاسەوانی کەنارئاو» دابمەزرێنن، کە پێوەرەکانی ناردن دەربارەی پێشێلکردنی ئیحتیمالی لە لایەن کەشتییەکەوە کە ئەکی ئەو یارمەتیدانە، ئەو زانیاریانەی کە پێویستە هاوبەش بکرێن و چۆنیەتی ڕاپۆرتکردنی ناردنەکان هەموو ساڵێک دیاری بکەن.

## بڵاوکردنەوەی هەڵوێستی جێبەجێکردن لە وەڵامدانەوەی ڕاسپاردەکانی «لقی لێکۆڵینەوەکانی ڕووداوە دەریاییەکان».

**ڕاسپاردەی 18:** پێویستە «لقی لێکۆڵینەوەی ڕووداوە دەریاییەکانی» وردەکاری ئەو هەڵوێستانەی لە لایەن کەسانی بەردەنگی ڕاسپاردەکان جێبەجێ کراونکەسانێک کە ڕاسپاردەکانیان پێ پێشنیار کراوە یان شرۆڤەکانی پەیوەست بە جێبەجێنەکرانی هەڵوێستەکانی جێبەجێکردن بە زووترین کات پاش گەیشتنە دەستیان لە ماڵپەڕەکەی خۆیدا بڵاو بکاتەوە، مەگەر ئەوەیکە بۆ بڵاونەکردنەوەی زانیارییەکان پاساوی قایلکەری هەبێت. ئەگەر پێویست بکات «ڕێساکانی 2012» پێویستە بە شێوازێکی گونجاو ڕاست بکرێتەوە.

E03525225

978-1-5286-6169-0